# ئیسلام بڵند دەبێت وسەردەکەوێت، وهیچ ئاینێکی تر بەسەر ئیسلامدا بەرز نابێت وسەرناکەوێت

لە عائیزی کوڕی عەمروی موزەنیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«ئیسلام بڵند دەبێت وسەردەکەوێت، وهیچ ئاینێکی تر بەسەر ئیسلامدا بەرز نابێت وسەرناکەوێت».
[حەسەنە] [بەیهەقی گێڕاویەتیەوە - دارەقوطنی گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە بنچینەیەکی مەزنە لە بنچینەکانی ئیسلام، ئەویش ئەوەیە کە ئەم ئاینە خوای گەورە بەرزی وبڵندی وسەرکەوتوویی بۆ نوسیووە بە سەر هەموو ئاین وبیروباوەڕە پوچەڵەکان، وشوێنکەوتووانی ئەم ئاینە سەربەرزن ویلەیەکی باشیان هەیە ئەگەر بەردەوام بن لە دەستگرتن وپابەندبوون بەم ئاینە، وپابەندبوون بە ئیسلام (بە قورئان وسونەتەوە بەو شێوەیە پێشینی چاک لەسەری بوون) مەرجە بۆ سەرکەوتنی مسوڵمانان، ئەم هەواڵدانە بە واتای فەرمانکردنە هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: {وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَنتُمُ الْأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ} واتە: {ئەی ئیمانداران، کۆڵ مەدەن و ساردمەبنەوە وخەفەت مەخۆن، چونکە هەر ئێوە سەربەرز وسەرفراز وسەرکەوتوترن ئەگەر ئیمانداری چاک وڕاست و دروست بن}، وفەرموودەکە گشتیە بۆ هەموو حاڵەتێک، وزانایان وەکو بەڵگە دەیهێننەوە لە لق ومەسەلەی زۆر، لەوانەش بابەتی باج (جزية)، ئەگەر ئەهلی زیمە* باج بدەن ولە نێوان ئێمە بژین ئەوا ڕێگا نادرێت بەوەی زەنگەکانیان بە ئاشکرا لێبدرێت وخاچەکانیان بە ئاشکرا بەرز بکرێتەوە ونابێت بیناکانیان لە بیناکانی مسوڵمانان بەرزتر بێت، وئەگەر یەکێک لە دوو هاوسەرەکە (ژن ومێردەکە) مسوڵمان بوون ئەوا منداڵەکەی شوێنی مسوڵمانەکە دەکەوێت، ونابێت ئافرەتی مسوڵمان بدرێت بە پیاوێکی کافر، وئەم حوکمانە هەمووی ئاماژەن بۆ بەرزی وبڵندی ئیسلام بۆیە دەبێت لە پێشەوە بێت. *(ئەهلی زیمە: واتە ئەوانەی کە مسوڵمان نین ولە ژێر دەسەڵاتی وڵاتی مسوڵمانان دەژین)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64633